# بیری چەپ و دۆزی سەربەخۆیی کورد

# لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

د. کامران ئەمینئاوە

" کورد بە هەموو هێزی خۆی ئەچریکێنێ ئەڵێ کوردستان ماڵی خۆمە، بە کەسی نادەم؛ و وڵاتی خۆم بۆکەس بەجێ ناهێڵم، لە کوردستان بووم لە کوردستان ژیاوم و ئەژیم، ئەبی هەر لە کوردستان و لە ڕێگای کوردستاندا بمرم ".

گۆڤاری نیشتمان ژمارەی یەک، پوشپەری ١٣٢٢[١]

هاتنی بیری چەپ بۆ ئیران لە سەدەی ١٩ی زایینی و بەتایبەتیی ڕوودانی شۆڕشی ئۆکتۆبر لە ساڵی ١٩١٧ لە ڕووسیەدا هاوکات بوو لەگەڵ گەشەسەندنی بیری ئازادیخوازیی و دادپەروەریی سوسیالیستیی و سەرهەڵدانی ڕێکخراوەی چەپ و تێروانینێکی دیکە بۆ چارەسەرکردنی زوڵم و زۆری چینایەتیی، وەدەست هێنانی سەربەخۆیی و وەدەرنانی ئەمپیریالیسمی ئینگلیس لە ئێران. ئەم ڕەوتە کاریگەریی لە سەر کوردیش هەبوو. لە کاتی دەستەڵاتداریی ڕزاشادا کورد قەلاچوو کرا، "سەرکوتکردنی شۆڕشی سەردار ڕەشید سەرۆکی کەلهۆرەکان لە ساڵی ١٩٢٣ و شۆڕشی جەعفەر سوڵتان سەرۆکی عەشیرەتەکانی هەورامان، کوشتنی سمایل ئاغای سمکۆ لە ١٨ی ژوئیەی ١٩٣٠، سەرکوت و دوورخستنەوەی جەلالییەکان بۆ ئیسفەهان و قەزوین لە ساڵی ١٩٣٦ و کوژرانی پتر لە سەتا ٤٠ی ئەوان لە کاتی ناردنیان بۆ ئەو دوو شارە، تیرباران و کوشتاری پتر لە ١٠ هەزار کورد بە دەستوری ژەنراڵ ئەحمەدیی و لە بەندیخانە خستنی زۆرتر لە ٤ هەزار کوردی ڕۆژهەڵات لە دەیەی ١٩٣٠ بە هۆی ڕاپەڕین دژی حکومەتی پاشایەتیی رزاشا بەشێک لە سیاسەتەکانی حکومەتی تاران بۆ سەرکوت و ئاسیمیلاسیۆنی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو"[٢]. [لەوەدەچێ] "لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا کە هەریمی موکریان و بە تایبەتیی شاری سابلاخ ببووە گۆڕەپانی شەڕی نێوان دەوڵەتەکانی ڕووسیە و عوسمانی ژمارە کوردێکی سابلاخی لە ژێر کارتێکردنی ئەفسەرەکانی ڕووسی لایەنگری حیزبی سوسیال دێموکراتی ڕووسیە، خویان بە بلشویک زانیوە و لە شار و گوندەکاندا بۆ ئامانجی خۆیان هەڵسووڕاون". سەرۆکی ئەم کەسانە "حەمە هەتیو" لەگەڵ هاورێیانیی لە شەڕێکی قورس و نابەرامبەر لەگەڵ چەکدارەکانی حکومەتی ئێراندا کوژرا[٣] .

بە پێی بیرەوەرییەکانی تێکۆشەری کورد "ئەحمەد تەقی" کە پێوەندییەکی زۆر نزیکی لەگەڵ سمایل ئاغای سمکۆ و شێخ مەحموود هەبوو، سمایل ئاغا بە پێی داوای خالد بەگ جبرنلی بۆ پیوەندییگرتن لەگەڵ ڕووسەکان ئەحمەد تقی بە نوێنەرایەتی خۆی بۆ کۆنسولخانەی ڕووسیە [سۆڤییەت] لە ورمێ دەنێرێ تا داوا لە دەوڵەتی سۆڤییەتیی بکا بۆ پشتیوانیی لە کوردەکانی تورکییە، ئێران و ئێراق ، بەڵام بۆ ئەو پێشنیارە وەڵامێکی ئەرێیی وەرناگرێ[٤]. لە کتێبی "بزوتنەوەی میللی کورد" – کریس کوچرا "شدا ئاماژە بە هەوڵی سمایل ئاغای سمکۆ بۆ پێوەندیی گرتن لەگەڵ یەکێتیی سۆڤییەتیی کراوە:" بەپێی

دەنگوباسان، سمکۆ لە کاتێکی زۆر نالەباردا کە سۆڤێیەتیی و ئێران پەیماننامەی دۆستییان بەستبوو و یەکێتیی سۆڤییەتیی چیدی درێژەی بە یارمەتی "حکومەتی شۆرشگێری گیلان (١٩٢٠-١٩٢١) نەدەدا، هەولێدا تا سەرنجی سۆڤییەتییەکان بۆ دانی یارمەتیی و ئاوڕدانەوە لە کورد ڕاکێشێ، سمکۆ، لە ساڵی ١٩٢٢ بۆ ئەو مەبەستە نوێنەرێکی بۆ باکۆ نارد، بەڵام "ڕووخانی" کۆماری سۆڤییەتیی ئێران"[مەبەست حکومەتی گیلانە] وەکو ڕاگەیاندنی کۆتایی هێنان بە کاری سمکۆ پێناسە دەکرێ. لەوەبەدوا شای دادێی ئێران تەواووی هێزی خۆی تەرخانی ئەرکێک کرد کە وەئەستۆی گرتبوو: راکێشانی خێڵەکان بۆ ژێر حوکمی دەوڵەتی ناوەندیی، چەککردن و تێکشکاندنی هێزی سەرۆکە سونەتییەکانیان." [٥] بە وتەیەکی دیکە چڕکردنی دەسەڵات لە ناوەند، واتە ناوەندکۆیی [تمرکز] ئێران. "لە ڕاستییدا "ناوەندکۆیییەک کە پێکهات بریتیی بوو لە تاڵانکردنی سامناکی وەرزێران و عەشیرەتەکان، سەرکوتی خوێناویی ئەوان، دەوڵەمەندبوونی "فەرماندەرانی سپا" وەکو"ئاقاخان" ناسراوە بە قەساب و "جان محەمەد خان" جەلادی خێڵەکانی تورکەمن و هتد... [٦] [هەروەها ژنرال ئەحمەدیی بکوژی کورد]. ناوەندکۆیییەک کە بەشێوەیەکی دڕندانە و زۆر ناحەز لەلایەن ڕزاشا و قەزاقەکانی بەکارگیرا و لە ڕێگای بەکارهێنانی شێوە ڕزیوکانی فیودالیی (خەڵەتاندنی عەشیرەتەکان و قورئان مۆرکردن و ئەماندان و پاشان کوشتاری بە کۆمەڵی ئەوان و تاڵانکردنی ماڵی وەرزێران ورەشماڵی خێڵەکان و شێوە نزمەکانی دیکە) بەرێوەچوو[٧]. لەم ڕەوتەدا ئینگلیس بۆ کۆتایی هێنان بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە ژێر ڕێبەرایەتیی سمایل ئاغای سمکۆ و پشتیووانی و بە هێزکردنی رزاخان نەخشێکی سەرەکیی دەگێڕێ، بە وتەی ئێحسان تەبەریی "ڕۆڵی ئینگلیس بۆ بە هێزکردنی ڕزاخان و چڕکردنی دەسەڵاتی رەزاخان لە ناوەند و دژی سمایل ئاغای سمکۆ و شێخ خەزعەل دوو سەرۆک عەشیرەتی بەهێز بوو کە مەترسییەکی جیددی بۆ ڕزاخان بوون. بۆ لەناوبردنی هەردووکیان دەستتێوەردان و یارمەتیی کارگێرانی ئینگلیس کاری ڕزاخانی زۆر ئاسان کرد"[٨]. "ڕزاخانی سەردار سپە و پاشان ڕزاشا تا سەرەتای ساڵەکانی ٣٠ سەرقاڵی سەرکوتی عەشیرەتەکانی عەرەب، کورد، لۆر و مەمەسنی و بەختیاریی و بەلوچ و هتد... بوو و لە ڕاستیدا هەر لە سەرەتا هەتا کۆتایی پاشاییەتی خەریکی سەرکووتی بزووتنەوەی خەڵک ( ڕاپەرینەکان، مانگرتن و خۆپێشاندان و خۆڕاگریی تاکەکەسی) بوو لەمڕەوتەدا لەبەکارهێنانی هیچ چەشنە توندوتیژییەک کۆتایی نەکرد[٩].

ڕەنگدانەوەی شۆڕشی ئوکتۆبر و هیوای کورد بۆ ڕزگاریی و سەربەخۆیی بە تایبەتیی پاش خەرمانانی ١٣٢٠ی هەتاویی لە نێو ڕووناکبیرانی ئەو کاتە یەک لەوان پێشەوا قازی محەمەد دەبیندرێ. زیندوویاد عەلی گەلاوێژ لە بابەتێکدا بەم چەشنە باسی دوو کۆبوونەوەی مێژوویی لە ٨ی بەفرانباری ١٣٢٠ و ١٠ی خەزەڵوەری ١٣٢١ لە بینای ناسراوە بە 'دادگای قازی' و کاریگەریی سۆڤییەتی لە سەر بزوتنەوەی کورد دەکا:" لەم کۆبوونەوانەدا کە نوێنەرانی تەواوی چین و توێژەکانی کوردستان و یەک لەوان نوێنەرانی عەشیرەتەکان بەشداریان کردبوو، پرسی ژیانی سیاسیی کوردستان لەسەر بنەمایەکی تازە شیکرایەوە. هەروەها لە کۆبوونەوەی یەکەمدا قازی محەمەد لە وتارەکەی خۆیدا ئاماژەی کرد 'بە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی مەزنی ئوکتۆبر لە ڕووسیە و دامەزرانی ئەوەڵین دەوڵەتی سوسیالیستیی، خەباتی گەلی کوردیش لە بنەرەتەوە گۆڕدراو نوری شۆڕشی ئۆکتۆبر ئاسمانی کوردستانیشی ڕووناک کردەوە. ئیستێعمار[داگیرکەر] هەوڵێکی زۆری داوە تا گەلی ئێمە لەم ڕووناکاییە دوور کاتەوە، بەڵام توانایی وەدیهێنانی ئەم ئامانجەی نەبووە'. لە کۆبوونەوەی دووهەمدا بریارێک بە رایگشتیی پەسەندکرا کە لە ڕاستییدا بوو بە ڕێپیشاندەری ژیانی سیاسیی کوردستانی ئەو سەردەمە، هەروەها بەرنامەی کاری هێزە پێشکەوتخواز و نیشتمانپەرەوەرەکانی گەلی کورد. لەم بریارنامەیەدا دەکوترێ:

1. گەلی کورد بە تێکەرایی یەکێتیی سۆڤییەتیی بە پشتیوانی خۆی دەزانێ و بۆ یاریدەدان و هاوکاریی لەگەڵ یەکێتیی سۆڤییەتیی لە شەڕی دژی فاشیستی ئاڵمان ئامادەی هەر چەشنە خەبات و فیداکارییە.

2. تەواوی عەشیرەتەکان لەم کاتەوە ناکۆکیی خۆیان وەلادەنێن و لەهەر ئاکارێک کە ببێتە هۆی دووبەرەکیی خۆدەپارێزن.

3. تەواوی بەشدارانی ئەم کۆبوونەوەیە قینو بێزاریی خۆیان دژی سەربزێویی و ڕێگریی و تالانکەریی ڕادەگەیەنن.

4. هیچ کام لە بەشدارانی ئەم کۆبووونەوەیە نابێ بە جیا یان بێڕاوێژکردن، پێوەندیی لەگەڵ دەوڵەتی تاران بگرن." [١٠]

ئەم کاریگەرییە هەروەها لە نووسراوەی ڕوناکبیرانی کۆمەڵە وەکو م. فەرووخ و بێژەن[مامۆستا زەبیحی] و هتد... لە بابەت گەلێک وەکو "پەلامارەکەی ئەوساڵی ئەڵەمان

له رووسیا"، "انقلابی گەورەی اوکتوبر له ۳ ژمارەدا و ئیمه و مەردم" له نیشتمان بڵاوکەرەوەی بیری کۆمەڵەی ژ. ک دەبیندرێ. تەنانەت له ژێر وێنەیەکی لەنین کە له ژمارەی ٦ی نیشتمان بڵاوبۆتەوە ئەم شێعرە نووسراوە:

" باقیه ناووت ئەتو، گەرچی دەمیکه مردووی نا، لەنین! ماوی هەتا روژی قیامەت زیندووی"[۱۱]

له کتێبی "دیاردەی کۆمەلەی ژ. ک بو لاوەکانی کورد – ۱۳۲۲" له بەشێک له نامیلکەی "دیاری مەلا محمدی کویی بو هەلساندنی آغاوات و سەردار عەشیرەتەکانی کورد له خەوی نەفامی" له هۆنراوەکانی بیژن[ مامۆستا زەبیحی] کەڵک وەرگیراوە:

"سەیاحەت کەن بچن بو سووەتەستان بزانن چون به خێرائی هەلستان

له قەومی روس چه ظلمیکی ئەکرد(چار) هەمووی ژەهری ئەخوارد ملت به ناچار

له پر (لەنین) هەلستا وەک دلیران بناغەی ظلمی چاری کرد ویران

بنایnا دەولەتیکی سوسیالیست لەناوی برد به جاریک ایمپریالیست،

لەناو کومەل به زوری دەرکرا (خان) به تیلا (بەگ) خرایه بەندو زیندان

به مەحضی هەلکرانی بەیرەقی سوور لەناو خەلکا نەما فیتنەو شەرو شوور

ئەلەرزیت کاکی(آغا) وەک بنی آو که آلای سوور و آلی دیته بەر چاو

تەماشا کەن له مەیدانی هەراوشەر چلون سەربازی سوور، آزاو دلاوەر

شەوو روژ بی ووچان واتی ئەکوشن له جەبهەی شەر ئەلەی شەربەت ئەنوشن

به فەرمانی ستالین: پیاوی شەرکەر ئەدەن بەربا هەموو نەیروی هیتلەر""[۱۲]

"ئەم ڕەوتە هەروەها له بابەتەکانی "کوردستان" بڵاوکەرەوەی بیری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئەو سەردەمە پاش پێکهاتنی کۆماری کوردستان بەردەوام مایەوە. شێعرەکانی هەژار، هێمن و ووردی و نووسراوە سیاسیی و مێژوویییەکان و هتد... پڕن له هیوا به یەکێتی سۆڤییەتی، ستالین و سپای سوور بۆ ڕزگاریی گەلی کورد. بۆ وێنە هەژار له ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان له بۆکان له بەشێک لەو شیعرەی که دێخوێنێتەوە دەڵێ:

" ریی نەجاتمانە پەنا بو اتحادی شورەوی سورمە بو چاوی ایمە خاکوخولی مەسکەوی

ربی(ایستالین) بژی بولاگری مظلومان تا زەمانە خول دەداو روزدە بەخشی پورتەوی"[١٣]

مامۆستا هێمن – یش لە شێعری "آوونگی سوور" کە بە بۆنەی ڕۆینی لەشکری سوور لە " مجلس شعرای" تەورێز خوێندیەوە. دەڵێ:

" ئەی لەشکری سوور ئەی اوردووی ظفەر ایستا کە دەروی لیرە دەچیە دەر

خودات دەگەل بی و ئەوەی بزانە جێی تو هەمیشە دلی کوردانە

ئەی ئەو فریشتە کوردت کرد آزاد لە ژیر پەنجەی دیوی استبداد"[١٤]

تا ئەو کاتە ئەگەر ڕوناکبیری کورد ڕێبازی چەپیشی هەڵبژاردبێ یان پشتیوانیی لە حکومەتی سۆڤێیەتیی کردبێ لە ڕاستییدا بەو هیوایە بووە تا لە ژێر چەتری کمۆنیسم و پشتیوانیی یەکێتیی سۆڤییەتی بە ئازادیی و سەربەخۆیی کوردستان بگات.

لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش کەسایەتیی و ڕێکخراوە سەربەخۆییخوازەکانی کورد بۆ ڕاکێشانی سەرنج و یاریدەی یەکێتی سۆڤییەتی کە بەڵێنی پشتیوانی لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازنەی نەتەوە چەوساوەکانی جیهانی دابوو کەوتبوونەگەڕ و پێوەندییان لەگەڵ نوێنەرانی ئەم وڵاتە گرتبو. بۆ وێنە "لە ساڵی ١٩٢٢ زایینی"کومیتەی سەربەخۆیی کوردستان (ئەرزروم)" بریاری دا بە یارمەتیی و لە ژێر سەرپەرشتیی سیاسیی ڕووسیەی سۆڤییەتی بە ماڤی خۆی بگات. سەرهەنگ خالد بەگ جبرنلی سەرۆکی ئەم کومیتەیە لە سەرەتای دەستپێکی کۆنفرانسی لۆزاندا لە نامەیەکدا بۆ نوێنەری حکومەتی سۆڤییەتیی نووسێ " دڵساردە لە یاریدەی ڕاستگۆیانەی ئینگلیس بۆ دامەزراندنی کوردستانی سەربەخۆیە. هەروها بە تەمای وەدیهێنانی ئەو ئامانجە چاوەڕوانی پشتیوانیی ڕووسیەی سۆڤییەتییە بۆ دامەزراندنی کوردستانی سەربەخۆ لە ژێر سەرپەرشتیی ڕووسەکاندا[١٥]. کریس کوچراش لە کتێبەکەیدا بەم چەشنە باسی ڕۆڵی سۆڤییەتییکان لە شۆڕشی شێخ سەعید دەکا: "بەڵام بەپێی وتەی ئینگلیسییەکان خالد بەگ جبرنلی پێوندیی لەگەڵ کۆنسولی ڕووس لە ورمێ گرت. بەڵام – وڵامی کۆنسولی ڕووس نا بوو ئەم وتەیە ڕاست یان ناراست تەنیا نیشاندەری ئەو ڕاستییەیە: شۆڕشی شێخ سەعید لەو پەرەی سەرنجنەدانی هێزەکانی ڕۆژئاوا پەرەی گرت و لەئاکامدا

تێکشکا، ئەویش لە حاڵێکدا کە یەکێتیی سۆڤییەتیی بە چەشنێکی فەرەرمی لە زمانی: [ڕۆژنامەی] ئیزوئستیا"وە ئەوی وەکو شۆڕشیک لە لایەن هێزەکانی فیوداڵ و دژە شۆڕشی کورد کە بوونەتە ئەمرازی دەستی ئینگلیس پێناسە کرد[١٦]. لە باشوری کوردستانیش "شێخ مەحموود" مەلیکی کوردستان لە ڕێکەوتی ٢٠ ژانویەی ١٩٢٣ ز. لە نامەیەکدا کە بۆ کۆنسولی سۆڤییەتیی لە تەوریز بۆ وەدەست هێنانی پشتیوانیی حکومەتی سۆڤییەتیی نارد، ئاماژە بەوە دەکا کە " کاتێک تەواوی جیهان لە ساڵی ١٩١٧دا دەنگی ڕاستەقینەی ئازادیی و ڕزگاریی نەتەوەی ئێوەی لە چەنگی چەوسێنەر و جەنایەتکاری بەنیوبانگ بیست، تەوای نەتەوە و گەلانی چەوساوەی گۆی زەوی پێشوازییەکی گەرمیان لێکرد و بە هیوای وەدی هێنانی ویست و ئاواتەکانی خۆیان و بە هیوای گەورەیی و پشتیوانیی نەتەوەی ڕووس شۆڕشیان کرد. تەواوی خەلکی باشوری کوردستان مەیلێکی زۆریان بۆ دۆستایەتیی لەگەڵ دەوڵەتی شکۆداری سۆڤییەتیی هەیە و ئامادەی هەرچەشنە فیداکاریی بۆ ئەم دۆستیین و حازر بە پشتیوانیی ماددی و مەعنەویی لەوانن. هاوکاتیش بە ڕەسمیی ناسینی ماڤی یاسایی خۆمان وەک شەرتی ئەم دۆستایەتییە پێشدەکێشین"[١٧]. ئەم داواکاریی بێ وڵام مایەوە. سەرنج ڕاکێش ئەوەیە کە یەکێتیی سۆڤییەتیی کاتی سەرهەڵدانی شۆڕشی ئارارات [ساڵەکانی ١٩٢٧-١٩٣١] بۆ دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ بە ڕێبەریی کومیتەی نیزامیی – سیاسیی "خۆیبون" نەتەنیا پشتیوانیی لەم بزوتنەوەیە نەکرد بەلکوو هێزی سەرسنووری سۆڤییەتیی لە ڕەوتی سەرکوتکردنی ئەم بزوتنەوەیە ناڕاستەوخۆ یارمەتیی تورکەکانیدا. [١٨]" "ئەو کاتەی کە چەک و پێداویستیی کوردەکان لە لایەن کورد و ئەرمەنییەکانەوە تەیار دەکرا، هێزکانی تورک لە لایەن سۆڤییەتەوە یاریدە دەدران، کە بەڵێنی بەستنی سنوری چۆمی ئەرەس و ئیزنی کەڵکوەرگرتن لە هێڵی ئاسنی سۆڤییەتیان پێدرابوو[١٩]. بە پێی وتەی کاربەدەستانی تورکییە لە ڕەوتی سەرکوتکردنی کوردەکاندا ١٥٥٠ کورد کوژران و لە ناوچەی ئەرجیس ٢٠٠ گوند بە ئاور کێشراو لەناوچەی پاتنوس تەنانەت گوندێک بەجێ نەماو هەموویان لەبێن برد"[٢٠]. لە سەرەتای دەیەی ١٩٤٠دا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانش کۆمەڵەی ژ. ک هەوڵی خۆیدا بەڵکوو بۆ چارەسەریی مەسەلەی کورد ڕای و پشتیوانیی یەکێتیی سۆڤییەتیی بۆ دامەزراندنی کوردستانی سەربەخۆ بەرەو خۆی ڕاکێشێ بەڵام یەکێتیی سۆڤییەتیی بە پێی ئەم بیرۆکەیە کە سەربەرخۆیی کوردستان لە ژێر سەری ئەمپیریالیسمی ئینگلیسدایە و کۆمەڵەی ژ. ک نوێنەری دەربەگەکانی کوردستان و سەر بە ئینگلیسە، لە

هاوکاری یان پشتیوانی لەم هێزە خۆی پاراست و تەواوی فاکت و بەڵگەکان دیسەلمێنێن کە یەکێتیی سۆڤیەتیی نەتەنیا پشتیوانی لەکۆمەڵەی ژ. ک نەکرد بەلکو "بەرپرسانی سۆوڤییەتیی لە ئێران، کوردەکانیان لە ئەندام بوونی کۆمەڵەی ژ. ک دەپرینگاندەوە، تێدەکۆشان چالاکیی ئەم ڕێکخراوەیە بەرتەسک کەنەوە[٢١] هەروەها لە یادداشتەکانی هاشمۆڤ سەرکونسولی یەکێتیی سۆڤییەتیی لەورمێ لەیەکی ژانویەی ١٩٤٥ سەبارەت بەنەبوونی پێوەندیی دەگەڵ کۆمەلەی ژ. ک هاتووە: "من بە چاوی خۆم هەستم کردوەبەبوونی پارتی (ژ.ک) و زۆربەی خەڵک پارتی (ژ.ک) بە(کۆمەڵە) ناودەبەن. زۆربەی کوردەکان و پیاوە بەناوبانگەکانیان لایەنگریی سۆڤیەت دەکەن و بەهیوان لەخەباتیاندا بۆ سەربەخۆیی لەسۆڤیەت یارمەتی وەربگرن. کومیتەی کوردی (ژ.ک) خەلک دلّنیا دەکات کە لەئیش و کارەکانی خۆیدا پێوەندی دەکات لەگەڵ یەکێەتی سۆڤیەت. بەلام لەنیوان ئێمەو (ژ.ک) دا هیچ پەیوەندییەک نییە[٢٢] " مۆلۆتۆڤ وەزیری کار و باری دەرەوەی ولاتی سۆڤییەتیی لەگەرماوگەرمی شەری دووەهمی جیهانیدا ڕق و بێزاریی خۆی و دەولّەتەکەی لە کورد دەردەبڕی و"ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەی کوردی بەدەرەبەگ" ناو دەبا[٢٣]. یەکێتیی سۆڤییەتیی پاش دامەزرانی کۆماری کورستان کە هاوکات بوو لەگەڵ پێکهاتنی حکومەتی ئازەربایجان سەرەرای پشتیوانییەکی قورس و قایم لە حکومەتی پێشەوەری نیسبەت بە کوردستان بە پارێزەوە دەجولایەوە و بە شێوەی ڕەسمی قەت پشتیوانییلێنەکرد، لە باشترین حالّەتدا وەکو بەشێکی ئازەربایجان سێری دەکرد و "لە بارودۆخی شەڕی سارد و لاسەنگیی و لاوازیی هێزیان لە بەرامبەر ئەمریکا و ولاتانی ڕۆژئاوایی و بیانووی نەبوونی چەکی ئەتۆمیی لە ژێر گوشاری ئەمریکا و ئینگلیس پاشەکشەی لە ئێران کرد و کوردستان و ئازەربایجانی لەبەرامبەری سپای ئێران بە تەنیا هێشتەوە. ڕێبەرانی سۆڤییەتی لە کۆبوونەوەی ڕاوێژکاریی مسکۆ لە دسامبری ١٩٤٥ دا لە لێکدانەوەی کێشەی ئیران خۆیان پاراست و ڕایانگەیاند کە ڕووداوەکانی ئێران لە پەنای سنوورەکانی یەکێتیی سۆڤیەتیی مەسەڵەیەکی داخلّیی ئێرانە و بەم پێیە دەولّەتی سۆڤییەتیی دەخالەتێک لەم مەسەڵەیە ناکا"[٢٤]. " لە ڕاستییدا "مسکۆ پالّپشتگەیەکی جێمتمانە نەبوو. هۆی ئەو کارە بەر لەهەر شتێک ئەو داخوازانەی ئیمپراتوریی ستالین بوو کە لە ڕۆژئاوای ئاسیا بە پێچەوانەی ئەو سیاسەتەی کە لە ڕۆژهەلات و ناوەندی ئوروپای هەیبوو، پشتیوانیی نیزامیی لەپشت نەبوو، هەروەها لە ڕوانگەی ماڤە سیاسیی و نێو نەتەوەیییەکانەوە – لە یالتا و پۆتسدام (ماڤێک بۆ ئەوان) لە ڕۆژهەلاتی نزیک[٢٥] وەبەر چاو نەگیرا. پاش ڕووخانی ڕژیمی پاشایەتیی لە سالّی

١٣٥٧ی هەتاویی و سەرهەڵدانی بزوتنەوەی جەماوەریی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هێرشی سپای ئیسلام بۆ کوردستان و ژنوسایدی میللەتی کورد، یەکێتیی سۆڤییەتیی بە هۆی پیوەندیی دۆستانە لەگەڵ کۆماری دژی ئەمپیریالیسمی ئێران، سەرەرای داواکاریی حیزبی دێموکراتی کوردستان و نامەکانی دوکتور قاسملو بۆ ڕیبەرانی حیزبی کمۆنیستی سۆڤییەتیی[٢٦] پشتیوانی لە بزوتنەوەی کورد نەکرد. بە باوەری خاتون "ژیگالینا" کوردناسی ڕووس: "ئاوڕنەدانەوەی یەکێتیی سۆڤییەتیی بۆ سەر ڕووداوەکانی کوردستان ڕێبەرانی بزوتنەوەی میللی دێموکراتیکی کوردی ناچار کرد تا گۆرانکاریی لە بنەما سەرەتاییەکانی خەباتیان بکەن و لەم پێناوەدا دوکتور ع. قاسملو توانیی پێوەندیی لەگەڵ حیزبە سوسیال دێموکراتەکانی ئوروپا بگرێ کە لە چوارچێوەی بەرنامەی ماڤی مرۆڤ یارمەتیی ماددی و مەعنەوییان بە کوردکانی ئێران دەکرد[٢٧]."

سەبارەت بە بۆچوونی کمۆنیستەکانی ئێرانیش بۆ مەسەلەی میللی پێش ڕووخانی ڕزاشا، دەتوانین ئاماژە بەم ڕاستییە بکەین کە سەرەرای ئەوەی کە حیزبی کمۆنیستی ئێران هەولێن هیز لە مێژووی ئێراندا وەک بروامەندی چارەسەریی مەسەلەی نەتەوەیی لە چەشنی یەکێتیی ئازاد و دلخوازانەی نەتەوەکانی ئێران تائاستی جیابوونەوە بوو[٢٨]، بەلام هاوکات سەربەخۆییخوازیی کوردی بە فیت و سیاسەتی ئینگلیس لە قەلەم دەدا. لە "بیانیەی فرقە کمونیست ایران – ١٣٠١" لە بەشی "مەسەلەی میللیەت لە ئێران و خەبات بۆ کۆماری میللی" بەم چەشنە باسی مەسەلەی کورد دەکریَ: "بەشێک لە کوردەکان لە خاکی ئێران و بەشێتریان لە ولاتی تورکییەدا دەژین و دروشمی کۆکردنەوەی تەواوی بەشەکانی کوردستان و یەکگرتنی کوردان لە نێو دەولەتێکی یەکگرتووی کورد لە نێو کوردەکاندا بەنێو بانگ و سەرنج ڕاکێشە. ئەمپیریالیستەکانی ئینگلیس لەم مەسەلەیە کەلکوەردەگرن و هاوکات بۆ هەلایساندنی هەست و دەمارگرژیی نەتەوەیی لە نیو کوردان، خەباتی ئەوان دژی دەولەتی ئێران و تورکییە بە هێز دەکەن. ئینگلیسییەکان دەیانەوەی دەولەتێکی کوردیی لە ژێر سەرپەرشتیی ئینگلیس پێکبێنن، هەر کاتێک ئەم پیلانە ڕەنگی ڕاستیی بە خۆیەوە بگریَ ئەو کاتە پێگەی ئەمپیریالیستی ئینگلیس چ لە باری نیزامییەوە و چ لە باری سیاسیی و ئابورییەوە و بە تایبەتیی دەرکێشانی نەوتی ئێران قایمتر دەبیَ[٢٩]. "ئاوتیس سولتانزادە" یەکێک لە ڕێبەرانی بە نێوبانگی حیزبی کمونیستی ئێران لە کتێبی "ئێرانی ئەورۆ" کە لە ٢١ ژوئیەی ١٩٢٢ لە مسکۆ بلاوکرایەوە لە بەشی بزوتنەوە کۆمەلایەتییەکان ئەم بیرۆکەیە دیسان ئاوا دووپات دەکاتەوە:" جاریَ چوار مانگ لە سەرکەوتکردنی شۆرشەکانی گیلان و خوراسان تێپەرنەببوو کە حکومەتی تاران سەرقالی ئەو مەسەلەیە بوو کە چۆن کۆتایی بە شۆڕشی کوردەکان بە سەرۆکایەتیی سمکۆ بێنیَ کە بە پشتیوانیی جیددی ئینگلیس داوای سەربەخۆیی کوردستانیان دەکرد. لە ژێرنووسی هەر ئەو لاپەرەدا بۆ شیی کردنەوەی ئەم ڕستەیە ئاماژە دەکا: ئینگلیس دەیەویَ لە ژێر سەرپەرشتیی خۆی کوردستان سەربەخۆ بکات تا لە لایەک ئێران و تورکییە لاواز بکات و لە لایەکی دیکەوە پشتبەرەیەکی بەمتمانە بۆ قازانجی نەوتی نێوان دووچۆمان تەرخان بکات"[٣٠]. لە تێزەکانی حەیدەر عەمۆغلی لە ڕێبەرانی بزوتنەوەی کمۆنیستیی ئێران کە سەبارەت بە بارودۆخی کۆمەلایەتیی – سیاسیی – ئێران و تاکتیکی فرقەی کمۆنیستی عەدالەتی ئیران لە ژێر ئیمزای کومیتەی ناوەندی

حیزبی کمونیستی ئێران (عەدالەت) لە ژانویە – مارس ١٩٢١ دا بڵاو بۆتەوە باسی مەسەلەی نەتەوەیی ناکرێ. لە بەرنامەی بەلانیکەمی حیزب لە ئێران ( لقی ئێرانی کۆمینتێرن) بە قەلەمی حەیدەرخان لە بەندی ٤ی کارو باری سیاسیدا باسی "ڕاگەیاندنی کۆماری سەربەخۆی تودەیی وەک یەکەیەکی دابەشنەکراو"[٣١]کراوە. "ئەبوالقاسمی لاهووتی"یش شاعیری شۆرشگێر و کمۆنیستی ئێرانیی بە ڕەچەڵەک کورد لە وتارێک بە ناوی "کورد و کوردستان" کە لە ساڵی ١٩٢٣ لە گۆڤاری "ڕۆژهەلاتی نوێ" لە مسکۆ بڵاوبۆتەوە و "لازایڤ" کوردناسی ڕووس وەکو یەکەمین لێکدانەوەکانی مەسەلەی کورد لە ڕوانگەی مارکسیستییەوە لە قەڵەمی داوە، سەرەرای ئەوەی کە زانیارییەکی بەرچاو سەبارەت بە مێژووی کورد و کوردستان و بارودۆخی بزوتنەوەی کورد بە خوێنەر دەدا بەڵام هاوکات بە هۆی لێکدانەوەی مەسەلەی کورد لە ڕوانگەی کمۆنیستێکی ئێرانییەوە دەیەوەی بیسەلمێنێ کە "ژیانی کوردەواریش بەڵگەی ڕوون و ئاشکرای ئێرانییتی کوردان"ە[٣٢] و" مێژوو و زمان و فەرهەنگی کورد و کوردستان بە فەرهەنگ و زمان و ئەدەبیاتی فارس گرێ دراوە"، هەروەها دەور دەگێرێ لە پێکهێنانی ئەم بیرۆکەیە کە"بیر و باوەڕی جوولانەوەی کوردایەتی و دامەزراندنی کۆمەڵ و ڕێکخراوەکانی کوردی لە لایەن ئینگلیزەوە درووست کراون و سەرانی کورد پیاوی ئینگلیزن و زوو بە زوو هەڵوێستیان دەگۆڕن و هەرجار بە هان و فیتی لایەک دژی دەوڵەتانی نێوچەکە رادەپەڕن. ئەم بوچوونانەی لاهووتی کە لایەن کوردێکەوە نووسراون بوونە مۆڕێک بۆ نێوچەوانی بزاڤی نەتەوەیی کوردەوە" کە وەک سەرچاوەیەکی متمانە پێکراو بوو بە بناخەی لێکدانەوەی مەسەلەی کورد لە لایەن" ڕۆژهەلاتناسانی یەکێتیی سۆڤیەت و پاشان لە ولاتانی تری بەرەی بەنێو سوسیالیستداو بەرهەمی هەموو فەریکە کۆمۆنیستێکی گەلانی سەردەست و[٣٣]". پێوەندندانی بیری سەربەخۆیی کوردان بە بێگانە نە تەنیا لە بەڵگەکانی حیزبی کمۆنیستی ئێران بەلکوو لە نووسراوەکانی دەوڵەتی سەرکوتکەری پەهلەوی و لێکدانەوەی کەسایەتییەکانی بە ناو ڕۆشنبیری ئەو کاتەی ئێرانش وەکو "ئەحمەد کەسرەویی" و "بەهار" بە جووانی دەبیندرێ. هەمووی ئەوان بە ڕوانگەی جیاواز بە هۆی پاراستنی چوارچێوەی تەواویەتیی ئەرزیی ئێران بەم خاڵە هاوبەشە دەگەن کە بیری سەربەخۆییخوازیی پیلانی بێگانەیە یان کوردەکان ئاژاوەچی و شەڕفرۆشن. دەڵێی ئەم مێژوویە ئەمڕۆ دیسان بە هاوبەشیی بەشێک لە چەپە سەرتاسەریەکان، کۆماریخوازان و لایەنگرانی مەشروتە و حکومەتی پاشایەتیی و هتد... لە بەرەیەکدا دووپات دەبێتەوە.

کەسرەویی لە کتێبی مێژووی ١٨ ساڵەی ئازەربایجان بەم چەشنە باسی بزوتنەوەی سەربەخۆییخوازیی کوردەکان دەکا: "کوردەکان هەر کات دەرفەتێکیان بۆ هەڵکەوتووە دەستیان بە نافەرمانی لەگەڵ دەوڵەت داوە. بڕای ئەو جەعفەر ئاغایە و محەمەد ئاغای باوکی لە کاتی خۆی زۆر جار نافەرمانییان کردوە، بەڵام سمکۆ لەم زەمانەدا سەربەخۆیی بۆ کوردستان دەویست و لە ڕێگای ئەم ئاواتە دەستی بە خۆسازکردن کرد. یەکێک لەو تووی ئاژاوەگێریی و زیانکارییە کە ئورووپاییەکان لە خۆرهەڵات چاندیان، ئەوە ئاواتی سەربەخۆییە. کارگێرەکانی ئەوان چەندین ساڵە دەگەڕێن و چوونە نێو کوردەکان، ئەرمەنییەکان وتورکەمەنەکان وئاسۆرییەکان و بەختیارییەکان و هتد... و ئەم توویەیان لە دڵی ئەواندا چاندوە[٣٤]. هەروەها "مەلیک الشعورای بەهار' سیاسەتڤان و شاعیری بە نێوبانگی ئێرانیی، دۆستی زۆر نزیکی حەیدەرخان کە کاتی حکومەتی ڕزاشا چەند ساڵیش لە بەندیخانە بووە و تا ڕادەیەک سیمپاتیی بە یەکێتیی سۆڤییەتیی بوو لە کتێبی" کورتە باسی مێژووی حیزب سیاسییەکانی ئێران - لەناوچوونی قاجار" گرتنی قەڵای چهریق پەناگای سمایل ئاغای کورد ناسراوە بە " سیمتقو" بە پیلانی سەرتیپ ئەمانالال میرزای جەهانبانی بە یەکێک لە گرینگترین کارەکانی دەوڵەتی ڕزاشا لە قەڵەم دەدا و "شێخ عوبەیدیلال"، "حەمزە ئاغای مەنگوڕ و سەرۆکی ناوداری کورد "سمایل ئاغای سمکۆ" بە "ئەشرار" [ئاژاوەچی، شەرفرۆش] نێو دەبا کە لە سەردەمی کەواناراوە[عهد عتیق] کاریان ڕاپەڕین دژی دەوڵەتی ئێران بووە[٣٥].

پاش ڕووخانی دەوڵەتی ڕزاشا، حیزبی تودەی ئێران وەکو جێگرەوەی حیزبی کمونیستی ئیران لە ١٠ی ڕەزبەری١٣٢٠ دامەزرا. لە بەرنامەکانی حیزبی تودەی ئێران لە ٢ کۆنگرەی یەک [١٠ گەلاوێژی ١٣٢٣] و بە تایبەتیی کۆنگرەی ٢ دا کە دوو سال دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان و حکومەتی میللی ئازەربایجان لە ٥ی بانەمەڕی ١٣٢٧ پێکهات لە بەندی ١٠ی بەشی خەباتی سیاسییدا تەنیا باسی" ئازادی کامیل بۆ کەمایەتییەکان لە کاروباری فەرهەنگیی و ئایینیی[٣٦] خۆیان" دەکرێ و باسێک سەبارەت بە مەسەڵەی نەتەوەیی و ماڤی چارەنووسی لەنینیی لە گۆڕێدا نییە، هەروەها لە پلینۆمەکانی ١ هەتا ٦ی حیزبی تودەی ئێران لە کۆی سەنەد و بەڵگەکانی حیزبی تودەی ئێران کە لە ساڵی ١٣٦٠ دا بڵاو بۆتەوە نیشانەیەک سەبارەت بە مەسەڵەی میللی لە ئیران وەبەرچاو ناکەوێ، بەڵام لە بەرنامەی حیزبی تودەی ئێران پاش پلنۆمی ٧ و کۆنفرانسی یەکگرتن لەگەڵ فرقەی دێموکراتی ئازەربایجان لە هاوینی ١٣٣٩ هەتاویی لە بەشی "بریارنامەی پلینۆمی ٧ (گەورە) کۆمیتە ناوەندی حیزبی تودەی ئێران سەبارەت بە مەسەڵەی یەکگرتویی ڕێبەریی و سازمانیی حیزبی چینی کریکار لە ئێران" لە بەندی ٤دا ئاماژە بە "بایخ و حەساسیەتی مەسەڵەی میللی لە ئێران" دەکا و بە چەشنێکی ڕەسمی لە بەرنامەی خۆی، لە بەشی مەسەڵەی میلیدا باسی 'ماڤی کامیلی چارەنووسی گەلەکانی دانیشتووی ئێران دەکا[٣٧]. لە درێژایی تەواوی ئەو ساڵانە کە بەسەر هەوەڵین بەیانییەی فرقەی کمۆنیستیی ئێران تێپەر بووە سەرەرای ئەوەی کە زۆربەی ڕێکخراوەکانی چەپی ئێرانیی لە پرۆگرامی خۆیاندا باسی یەکێتی دڵخوازانەی نەتەوەکانی ئێران و جاروبار ماڤی جیابوونەوە دەکەن بە هۆی بڕوامەندییان بە تەواویی ئەرزیی، یەکێتیی چینی کریکار و دامەزراندنی سوسیالیسم لە ئێراندا ئەم مەسەڵەیە تەنیا لە سەر لاپەرەی پرۆگرامەکەیاندا ماوەتەوەو کێشەی میللییان وەکو پاشکۆی کێشەی چینایەتیی پێناسە کردوە و سەرەرای ئەوەی کە "خەبات بۆ یەکگرتنەوەی وڵاتە دابڕاوەکانی میللی"[٣٨] وەکو چەشنێک لە خەباتی دژی ستەمی میللی پێناسە دەکەن، کاتێک ئەمە مەسەڵەیە بە ئێران دەگات، بەپێی ئەم وتەیەی لەنین کە" بەرژەوەندیی سوسیالیسم سەرتر لە بەرژەوەندیی و قازانجی میللەتەکان بۆ چارەنووسی خۆیانە"[٣٩] لە ڕەوانگەی حیزبێکی سەرتاسەریی چەپەوە، خوازیاری چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەیی لە چوارچێوەی وڵاتێک، یانی لە چوارچێوەی تەمامیەتیی ئەرزیی ئێرانن. تەنانەت کاتی هەڵسەنگاندنی بزوتنەوەی سەربەخۆییخوازانە

کوردیش نیشانەی ناسیۆنالیست و وەدواکەتووی لێدەدەن. بۆ وێنە دوکتور گەلاوێژ یەکێک لە کادرە کوردەکانی حیزبی تودەی ئێران و فرقەی دێموکراتی ئازەربایجان بەم چەشنە باسی کۆمەڵەی ژ. ک دەکا: ئەم حیزبە لە ژێر دروشمی دژی فاشیستیی، دژی فیوداڵیی و خەباتی دژی کۆنەپەرەستیی لە ماوەیەکی کورت نفووز و وەج و ڕێزێکی بێ وێنەی لە نێو خەڵکی نیشتمان پەروەر و پێشکەوتوخواز و شۆرشگێری کوردستان وەدەست هێنا"[٤٠] [بەلام] "دروشمی سەرەکیی کۆمەڵە وەکوو "کوردستانی گەورە" هۆی دوورکردنەوەی خەباتی گەلی کورد لە ڕاستییەکان، بەهێزکردنی دوژمن و لاوازکردنی گەلی کورد بوو[٤١]. دوکتور قاسملوش کە نزیک بە سی ساڵ ئەندامی حیزبی توودەی ئێران بوو تەنانەت کاتێک لەم حیزبە جیادەبێتەوە و ڕۆڵێکی سەرەکیی لە بووژاندنەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەگێڕێ بە بیری چەپێکی ئێرانییەوە مەسەڵەی سەربەخۆیی کۆمەڵەی ژ. ک لێکدەداوەتەوە و لە "چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی"دا، کۆمەڵەی ژ. ک بە ڕێکخراوێکی ناسیونالیستیی و داخراو ناو دەبا کە بۆ "کوردایەتی رووت" هەوڵی دەدا و نەیتوانی "خەباتی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران لەگەڵ جووڵانەوەی هەمووی ئێران" لێکگرێ بدات[٤٢]. لە لایەکی دیکەوە دوکتور قاسملو وەک دوکترینی خودموختاریی سەرەتا لە کۆنفرانسی سێهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان و پاشان کۆنگرەکانی حیزب و بە تایبەتیی لە بابەتێک بە ناوی "باسیک لە سەر دروشمی بنەرەتیی حیزب لە ساڵی ١٣٦٤دا بە پێی نەبوونی بارودۆخ و هەلومەرجی پێویست بۆ پێشکێشانی دروشمی سەربەخۆیی یان فیدرالیسم، "دیموکراسیی بۆ ئێران و خودموختاریی بۆ کوردستان" وەک دروستترین دروشم لە قەڵەم دەدا، لە باشترین شێوەدا تیئوریزەی دەکات و ئەم دروشمە وەک بەرهەمی "لێکۆڵینەوەیەکی دوور و درێژ" ناودەبا. دوکتور قاسملو سەبارەت بە هێنانی دیموکراسیی بۆ ئێران پێش خودموختاریی بۆ کوردستان دەڵێ" دێمۆکراسیمان لە پێشەوە داناوە هۆی ئەوەیە کە هەم پێوەندی بە ئێرانەوە هەیە کە گشتیترە، بەرینترە لە کوردستان و هەم هاتوینە سەر ئەم بڕوایە کە بێ دێمۆکراسیی ڕاستەقینە، تەنانەت ئەگەر ئێمە خودموختاریشمان دەست کەوێ، ئەو خۆدموختارییە زامنێکی دیکەی نیە. ئێمە بەش بە حاڵی خۆمان موخالیفی هەموو شێوە دیکتاتۆرییەکین کەوابوو بۆ ئێمە دێمۆکراسی وەک حیزبێکی دێموکرات هەدەفە. حیزبێکی دێموکراتین بۆ ئازادی یان بۆ ئازادی هەموو گەلانی ئێران تێدەکۆشین". دوکتور قاسملو لەو بەشەدا کە باسی چەشنەکانی جێبەجێ کردنی ماڤی چارەنووس دەکا، سەبارەت بە خودموختاریی کە

شکڵی هەڵبژاردەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بۆ چارەسەرکردنی ماڤی کورد لەو سەردەمەیە، ئاوا دەبێژێ: " شکڵی سێهەم؛ دیاریی کردنی چارەنووووس بە شیوەی خودمختارییە. خودموختاری وەختێک دێتە گۆڕێ کە بە گشتی ئەو گەلە نەیەوێ جودا بێتەوە، یانی واز لە سەربەخۆیی بێنێ. نەشیەوێ یان بارودۆخی وڵات بۆ فیدراڵی لەبار نەبێ. [٤٣]" بە واتەیەکی دیکە کوردی ڕۆژهەڵات خۆی لە هەر ئێرانیییەک بە ئێرانییتر دەزانێ و نایەوێ لە ئێران جیا بێتەوە.

بە پێی تەواوی ئەو فاکت و بەڵگانەی کە لەبەر دەست دان بزوتنەوەکانی کورد لە چواربەشی خۆی تا سەرەتای دەیەی ١٩٤٠ی زایینی و بە تایبەتیی تا کاتی ڕووخاندنی کۆماری کوردستان لە لایەن دەوڵەتی پاشایەتییەوە، بزوتنەوەیەکی ڕزگاریخواز بوو و کورد بە هەر باوەر و ئایین یان شوێنگەی چینایەتییەوە بۆ سەربەخۆیی کوردستان تێکۆشاوە. پێکهاتنی کۆمەڵەی ژ. ک و درێژەی چالاکیی ئەو ڕێکخراوەیە لە ژێر عینوانی تازەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو سەردەمە و دامەزراندنی دەوڵەتی جمهوریی کوردستان سەرلوتکەی ئەم بزوتنەوەیە بووە و بۆ هەوەلین کەڕەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕێبەریی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد کەوتۆتە دەست ڕوناکبیری ئەو کاتەو حیزبی شیاوی خۆی بۆ خوڵقاوە. لە نوسخەی یادداشتێکی خانم ئەن لەمبتۆن [Ann Lambton] کە لە لایەن باڵوێزخانەی ئینگلیسەوە بۆ کوردستان ناردرابوو، سەبارەت بە بارودۆخی ئەو کات و هەستی خەلکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئاوا دەنوسێ:" ناوچە رووسیەکان لە دەرەوەی تەورێزەوە تا میاندواو و مەهاباد، بە شار و گوندەوە پڕ بوون لە چەکداری تەیاری کورد. من هیچ جەندەرمە یان پۆلیسی ئێرانم چاو پێنەکەوت. لەگەڵ ژمارەیەک لە کوردی ناوچە قسەم کرد، هەموویان لە ناخی دڵەوە لە سەربەخۆیی کوردستان دەدوان. یەکیان بازرگانێک بوو لە میاندواوو کە ئەستەم دەبیندرا سوودێکی ڕاستەوخۆی لە کوردستانێکی سەربەخۆدا وەچنگ بکەوێ[بەڵام] دەیگوت کوردستانی سەربەخۆ، هەرچەندە هەژاریش بێت و قوربانی لە پێناودا درابێت، دیسان لە بارودۆخی ئێستا هەر باشتر دەبێت. لە مەهاباد قازی محەمەد کە کوردێکی خەڵکی ناوچەکە و برای نوێنەری مەڵبەندەکەیە[لە مەجلیسی شۆرای ئێران] وادیارە سەرۆکی خاوەن دەسەڵاتی ئەو ناوچەیە بێت. من وا هەستم کرد کە لە نزیکەوە پێوەندی لەگەڵ رووسەکان هەبێت و هەرچییەکی لەدەست بێت، بۆ بنەبڕکردنی نفووزی کاربەدەستەکانی ئێرانی درێغی ناکات رۆژنامەیەکی کوردی [مەبەست دەبێ نیشتمان بێ] کە دەگوترێ بە نهێنی بڵاودەبێتەوە، قازی محەمەد لە چاپی دەدا و بەشداری تێدا هەیە. رۆژنامە کە بە گوێرەی قسەی ئەو، پشتگیری لە سەربەخۆیی کوردستان دەکات و لەوە دەچێ وتاری لە سەر کۆمۆنیزمیشی تێدا بنوسرێ[٤٤]. لە ڕاپۆرتی سێر ر. بوللارد(باڵوێزی بریتانیا لە ئێران) لە ژێر عینوانی'لە تارانەوە بۆ وەزارەتی دەرەوە، ٢٩ی سیپتامبری ١٩٤٤ سەبارەت بە کوردستان ئاوا نووسراوە: "ئێمە، نیشانەمان لەلایەن 'ئەتاشەی چاپەمەنی' باڵوێزخانەی ئەعلا حەزرەت[شای

بریتانیا]وه بەدەستەوەیە، کە کوردی ناوچەی رووس لە ئێران، بە ئاشکرا چەکیان هەڵگرتووە و لە سەربەخۆیی دەدوێن. سەبارەت بە مەهابادیش ڕاستە و وادیارە 'قازی محەمەد'، مەرکەزی بزوتنەوەی سەربەخۆیی بێت لە کوردستان"[٤٥].

پاش ڕووخاندنی دەوڵەتی کوردستان و زاڵبوونی بیروباوەڕی چەپی سەرتاسەریی بەسەر بزوتنەوەی کورد و توانەوەی کوردی کمۆنیست لە حیزبە سەرتاسەرییەکاندا بەشێکی بەرچاو لە ڕوناکبیرانی کورد سەرەرای بیر و هەستی بەهێزی کوردانە تەواوی هێز و وزەو گیانی خۆیان تەرخانی ئەم بیرۆکەیەکرد کە پرسی نەتەوەیی و مافی چارەنووسی کورد بە تەواویی تەنیا لە کاتی دامەزرانی سوسیالیسم لەو وڵاتانە مسۆگەڕ دەکرێ کە کوردستانیان دابەش کردوە و لە ڕاستییدا ئەم ڕوانگەیە بو بە هۆی لادانی بزوتنەوەی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەو ڕێبازەی کە کۆمەڵەی ژ. ک لە هەوەڵین ژمارەی نیشتمان لە پوشپەری ١٣٢٢ دا وەک "ئامانجی ایمە" بەم چەشنە ئاماژەی پێ کردبوو: "کومەلەی ژ. ک. بە هەموو هیزوتوانای خوی تیئەکوشیت تا زنجیر و کەلەمەی دیلی و ژێردەستی لە ئەستوی نەتەوەی کورد دامالی و لەم کوردستانە لەت و کوتەی ایستا کوردستانیکی گەورەو ریک و پیک بینیتە بەرهەم کە هەموو کوردیک بە سەربەستی تیابژیت." چالاکیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و پێکهاتنی کۆماری کوردستان دەوامی ئەم ڕێبازە بوو. هەر وەکوو پێشەوا قازی محەمەد لە "نطقی" خۆی کە لە ژمارەی ١٠، ڕێکەوتی١٥ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ وژمارەی ١١ لە ١٧ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ لە "کوردستان" وەکوو بلاوکەرەوەی بیری ئەم حیزبە لە ژێر سەردێری "جیژنی سەربەخۆیی و استقلالی کوردستان" بڵاوبۆتەوە وێرای ئاماژە کردن بە مێژووی کوردستان و کۆبوونەوەی کوردان لە ژێر "عنوانی حزب دێموکراتی کوردستان" باسی وەدەستهێنانی "استقلال و آزادی کورد" بە هۆی پێکهاتنی کۆماری کوردستان دەکا. بەلام پاش ڕووخانی کۆمار و لە سێدارەدانی قازی و بەشێک لە ڕێبەرانی ئەم بزوتنەوەیە پەیتا پەیتا دروشمی سەرەکیی بزوتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ژێر کاریگەریی بیری چەپی سەرتاسەریی و حیزبی تودەی ئێران لە چوارچێوەی "دیموکراسی بۆ ئێران و خودموختاریی بۆ کوردستان " قەتیس دەمێنێتەوە.

پاش شۆڕشی ساڵی ٥٧ی هەتاویی لە ئێران و ڕاگەیاندنی ڕەسمیی بوونێتی سازمانێکی تازەی کوردستانیی وەکو کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران لە گۆڕەپانی خەباتی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا کە بەشێکی بەرچاو لە ڕوناکبیر و کەسایەتییکورد لە ڕیزیدا دەستیان بە کار و تێکۆشانێکی سیاسی کرد، بە هۆی نەبوونی کۆنسێپتێکی نەتەوەیی و گرێدانی بەرژەوەندیی کورد لەگەڵ خەباتی چینایەتی لە کوردستان و ئێراندا گۆڕانکارییەک لە ڕەوتی بزوتنەوەی کورد پێک نەهات و دروشمی خودموختاریی هەر وەکوو دروشمی سەرەکیی کورد مایەوە. "کۆمەڵە" خەباتی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەکو 'بزوتنەوەی مقاومەتی کورد' کە بەشێک لە خەباتی شۆڕشگێرانە – دێموکراتیکی ئێران و سەنگەری سەقامگرتووی دیفاع لە دیموکراسی لە ئێرانە، پێناسە دەکا. "کۆمەڵە" سەرەرای دەربڕینی باوەری خۆی بە 'ماڤی چارەنووس تا ئاستی جیابوونەوە'، خودموختاریی بە ویستی تایبەتمەندی گەلی کورد بۆ چارەسەرکردنی مەسەڵەی میللی لە قەڵەمدا، و وەکو بەشێک لە "پرولیتاریای ئاگای ئێران" هاوکات خۆی بە 'نوێنەر و بەرەنگاری قازانجی کرێکاران و زەحمتکێشانی کوردستان' پێناسە کرد، بەم باوەڕە بوو کە لە نێو بزوتنەوەی میللی – دێموکراتیکی ئەو کاتی کوردستان، خەباتی چینایەتی لە نێوان بۆرژوازیی و پرۆلیتاریا لەجەریانە و پەرەی گرتووە،[٤٦]" هەر بەم پێیە، کۆمەڵە لە بریارنامەیەک کە لە جەنگەی شەری کۆمەڵە و دێموکرات وەک سازمانی کوردستانیی حیزبی کمۆنیستی ئێران بڵاوی کردوە، لە حیزبی دێموکرات وەک "حیزبێکی بورژوازیی لە بزوتنەوەی میللی کوردستان"[٤٧] ناو دەبا. کۆمەڵە سەرەرای ئەوەی کە زۆرینەی کادر وئەندامەکانی کورد بوونو گۆڕەپانی خەباتیی ئەم ڕێکخراوەیە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو، بەڵام بە پێی ئیدیۆلۆژیی و بیرو هزری سیاسییەوە حیزبێکی تەواو چەپی ئێرانی بوو کە لە کاتی دامەزرانییەوە بۆ پێکهێنانی "حیزبی چینی کرێکاری ئێران"[٤٨] و"خەبات لە پێناوی شۆڕشی دێموکراتیی بەڕێبەریی چینی کرێکار و دامەزراندنی کۆمەڵێکی سوسیالیستیی"[٤٩] تێکۆشاو چارەسەریی ماڤی نەتەوایەتیی گەلی کوردیی لەگەڵ بزوتنەوەی کرێکاریی لە ئێران گرێدا. لەم پێناوەدا کۆمەڵە بە ڕوونی لە وتارێکدا ئاماژەی کرد:" ئێمە بۆ گەلی کورد تەوزیح دەدەین کە لە ئێرانێکدا کە هی کرێکاران و زەحمەتکێشانی سەرانسەری وڵات بێ، مافی نەتەوایەتیی ئەو بە باشترین شێوە بەدی دێ. ئێمە بە زەحمەتکێشانی کوردستان دەڵێین کە ئازادیی ڕاستەقینەی ئەوان

ورزگارییان لە نەبوونیی و چەوسانەوە و زوڵم و زۆر، بەهاوپەیوەندیی لەگەڵ چینی کرێکاری ئێران تەمین دەبێ"[٥٠]. بەم چەشنە، حیزبی دێموکرات، کۆمەڵە و هێزەکانی چەپی سەرتاسەریی بە تایبەتیی حیزبی تودەی ئێران و سازمانی فیداییانی ئەکسەرییەت [زۆرینە] لە ڕاستییدا لە سەقامگرتنی ئەم دروشمە لە "ڕەوانی کۆمەڵگادا" دەوری سەرەکییان گێرا و خودموختاریی وەک باشترین ڕێگای چارەسەریی کێشەی کورد ڕەخنەی کردە ناو مێشکی رووناکبیری کورد. ئێستاش دوای ئەم هەموو ئەزموونە و تێپەرینی نزیک بە ٧ دەیە لە کاتی پێکهاتنی کۆمەڵەی ژ. ک، حیزبەکانی دێموکرات و بەشە لەیەکدابڕاوەکانی کۆمەڵە کە بەشێکیشی تەنانەت لە بیری چەپیش زۆر دوور کەوتۆەتەوە و بە خەیاڵی دێموکڕاتیزە بوونی دەوڵەتی ئێرانە، بە شوێن تراویلکەی چارەسەریی پرسی کورد لە چوارچێوەی ئێراندا کەوتوون. ئەوە لە حاڵێکدایە کە نزیک بە ٧٠ ساڵ خەبات لەم پێناوەدا هیچ دەستکەوتێکی ئەرێیی نەبووە و تەنانەت سەرەڕای ئەو هەموو خوێنەێ کە لە پێناوی خودموختاریی ڕژاوە، خودگەردانییەکی فەرهەنگییشیان پێ وەرنەگیراوە، ئەم ڕێبازە بۆتە کۆسپێک لە ڕەوتی وشیاریی و کیانی نەتەوەیی کورد کە لە پێناویدا شۆڕشی گەورەی کورد بە رێبەرایەتی شێخ عەوبەیدیللا نەهری و شۆڕشی سەربەخۆیی سمکۆی بۆ بەرپا کراوە و ئەزموونی هەمیشە درەوشاوەی وەک دامەزراندنی دەوڵەتی جمهوریی کوردستانی لێکەوتووتەوە.

بێ گومان لە نێو هەر کۆمەڵگایەکدا بە پێی بوونی چین و توێژی جوراوجور، حیزب و ڕێکخراوەی ڕەنگاوڕەنگ بە بیر و کرداری جیاوازەوە درووست دەبێ. لێرەدا بە پێی هەلومەرج و بارودۆخی مێژوویی کوردستان کە لە نێوان چوار دەوڵەتدا دابەشکراوە، ئەم پرسیارە دێتە پێش کە ئەرکی سەرەکیی حیزبێکی کوردیی بە هەر بیر و باوەرێکەوە چییە و کام ڕێباز کورد بە کیان و سەروەریی خۆی نزیک دەکاتەوە. بڵێی ئەرک و پڕۆگرامی حیزبێکی کوردیی یەک لەوان چەپ لە وڵاتێکی داگیرکراو و کولۆنیکراودا هاوئاهەنگیی لەگەڵ حیزبێکی سەرتاسەریی یان حێزبێک بێ کە نەتەوەکەی کێشەی میللی نییە و بە دەوڵەت و کیانی خۆێ گەیشتووە؟ بڵێی بە لەبەر چاوگرتنی بیر و باوەڕی هێزە سەرکییەکانی ئێرانیی سەبارەت بە کێشەی نەتەوەیی بە گشتیی و کێشەی کورد بە تایبەتیی کە تەنانەت ماڤی کورد لە چوارچێوەی تەسکی خودموختاریش بە ڕەوا نابینن و لەهەر حاڵەتێکدا مۆری جیاییخوازیی لە نێوچاوانی هەڕ کوردێک دەدەن، بە شوێن چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە چوارچێوەی ئێراندا تەنێا بە هرزدانی هێز و توانایی کورد و بە فیرۆدانی کات و دەرفەتەکانی مێژوویی نەبێ؟ ئایا بە لەبەر چاوگرتنی ئەم ڕاستییە کە کورد وەکو نەتەوەیەک، واتە بە تەواوی چین و توێژەکانییەوە دەچەوسێتەوە و پێویستە شێوەی خەباتیی لە پێناوی یەکگرتنەوەی وڵاتە دابەشکراوەکانی کوردستان بێ، بڵێی تەنانەت ئەگەر لەکۆمەڵگایەکی فیدراڵیشدا بە ئازادی بگات، کێشەی نەتەوەیی ئەو چارەسەر بکرێ؟ بڵێی نەتەوەێک کە بەکۆمەڵ لەتەواوی بوارەکانی ژیانییدا لەژێر زوڵموزۆری نەتەوایەتییو ڕەگەزپەرەستیی سەقامگرتوو دایە، بە گەیشتن بە ماڤی شارومەندنی لە ئێراندا لەم کێشە مێژووییە ڕزگار بێت؟ ئایا لە کوردستاندا ئەرکی سەرەکیی حیزبەکان دەبێ تەنیا لەچوارچێوەی بەرگریی لە ماڤی چین و توێژەکان و گەیشتن بە ماڤێ مرۆڤ قەتیس بمێنێتەوە؟

کاتێک وڵامی ئەم پرسیارانە نەرینیی بێ، پێویستە تێکۆشەری کورد لە هەنگاوی هەوڵدا هەوڵی ڕزگاربوونی خۆی لەم بارودۆخە بدات و بۆ گەیشتن بە ماڤی ڕەوای خۆی تێبکۆشێ و ڕووی سەرەکی بزوتنەوەی کورد بەرەو ڕەوتی مێژوویی خۆی بگەڕێنەتەوە و لەوە زۆرتر نبێتە پاشکۆی بیری ئێرانچیەتیی بە چەپ و ڕاستییەوە؟

کاتێک ئەم ڕاستییە کە مەسەڵەی کوردستان وەکو وڵاتێکی داگیرکراو نە لەبوون لە چوارچێوەی ئەم وڵاتانە، بەلکوو بە پێچەوانە بە دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی

کورد چارە دەکرێ ببێتە ناوەرۆکی فیکریی ئەم چەشنە حیزبانە، ئەو کات خەبات لە پێناوی سەربەخۆیی و پێکهێنانی دەوڵەت و کیانی نەتەوەیی دەبێتە ستراتێژیی سەرەکیی ئەوان و لە پێناوی ئەم ئامانجەدا تاکتیکەکانی کاتیی بە پێی باڕودۆخ و پارسەنگیی هێزەکان، ئاستی ئاگایی نەتەوەیی، ڕێکخستن و کۆکردنەوەی کۆمەڵی خەڵک لە دەوری ئەو دروشمانەی کە بزوتنەوی ڕزگاریخوازی کورد لە پێناوی گەیشتن بە ئاواتی مێژووییان نزیک دەکاتەوە، تەنزیم دەکرێ و ستراتێژیی کورد فیدای تاکتیکی کاتیی ناکرێ. بەم پێیە پێویستە هێزێ چەپیش نە تەنیا بۆ وەدیهێنانی حەقی زەحمەتکێشی چەوساوەی کورد تێبکۆشێ، بەلکوو ئەم ڕاستییەش لەبەر چاو بگرێ کە زەحمەتکێشی کورد و تەواوی چین و توێژەکانی ئەم کۆمەڵگایە مەسەڵەیەکی زۆر گرینگی دیکەیان بە ناوی "مەسەڵەی نەتەوەیی"هەیە و بێ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە، مەسەلەی چینایەتییان چارەسەر ناکرێ و پێویستە کورد ئەوەڵ ماڵی و کیانی خۆی دروست بکا تا بتوانێ لە کوردستانێکی سەربەخۆدا بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی ئازاد، دێموکرات و نزامێکی دادپەروەر خەبات بکا. ئەوەبەو مانایەیە کە بوار و سروشتی خەباتی سەرەکیی بزوتنەوەی کورد لە قۆناخی هەوەڵدا ڕزگاریخوازانەیە، پێویستە لە بەرەیەکدا تەواوی چین و توێژی کورد بە هەر بیر و باوەرێکەوە بۆ ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان تێبکۆشن.

## کۆتایی

"کوردمو داوای حقوقی پایەماڵی خۆم دەکەم

ماڵی خۆمە ملکی کورد، داوای ماڵی خۆم دەکەم

گەرچی لای آغا خەیاڵی خاوە فیکری میللیەت

من لەلام باشە هەتا ماوم خەیاڵی خۆم دەکەم

من لەدەس بێگانە قەط ناکەم شکایەت ئەی رەفیق

گەر شکایەت کەم لە چەنگی مام و خاڵی خۆم دەکەم"

"هێمن" خەزەلوەری ١٣٢٢[٥١]

هیگل [فیلسۆفی ئەڵمانیی] دەڵێ: 'تا ئێستا هیچ کەس، هیچ کات شتێک لە مێژوو فێر نەبووە'. ئەمە ڕاستە، بەڵام ئەوە لەم ڕاستییە کەم ناکاتەوە کە مێژوو مرۆڤ فێری چەند وانەیەکی بە کەڵک و ژیرانە دەکات و پێویستە ئینسان لە مێژوو دەرس وەرگرێ، ئەنجامە بە کەڵکەکانی دەرکێشی و بەلانیکەم هەڵەی پێشینیان دووپات نەکاتەوە. لێرەدا خەتاکار دەرسەکانی مێژوو نییە، بەلکوو نەبوونی برشت و لێهاتوویی بۆ فێربوونی ئەم دەرسانەیە. [٥٢]" تەواوی ڕووداوە دڵتەزێکانی دوو سەدەی ڕابردوو نیشانیداوە کە نەبوونی دەوڵەتی یەکگرتووی کورد و کولۆنیبوونی کوردستان هۆی سەرەکیی تەواوی ئەم بەسەرهاتە تاڵانەی نەتەوەیەکی ٤٠ میلیۆنییە کە لە سەدەی ٢١یشدا لە ماڤە ڕەواکانی خۆی بێ بەش کراوە و ئەم نوقسانە گەورەترین کۆسپی سەر ڕێگای گەشەسەندنی کورد لە تەواوی بوارەکانی ژیانی ئەمڕۆییدایە. کۆرد بۆ گەیشتن بە ئاواتەکانی مێژینەی خۆی تەنیا و تەنیا ڕێگایەکی لە پێشە، ئەویش خەبات بۆ دامەزراندنی دەوڵەت و کیان و سەروەریی خۆیەتی. میللەتی کورد بێ سەربەخۆیی، هیچ کاتێک بە هێمنی و ئاواتەکانی خۆی ناگات و ڕۆڵەی کورد وەک دیل و ژێردەستی نەتەوەی زاڵ دەمێنێتەوە. ڕووداوەکانی چەند دەیەی ڕابردوو نیشانیداوە کە تەواوی گۆڕانکارییەکانی جیهانیی و ناوچە هەلو مەرج ودەرفەتی پێویستی بۆ گەیشتن بەم ماڤەی پێکهێناوە و کورد تەنیا لە ڕێگای یەکێتی و خەباتی ژیرانە چ لە ئاستی کوردستان و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نیوەڕاست و چ لە ئاستی جیهانییدا دەتوانێ بەم ئاواتە پیرۆزە یانی "سەربەخۆیی کوردستان" بگات.

**سەرچاوکان:**

١- کوردستانماڵی کوردە، ع. ساسان[وەهاب بلووریان]، نیشتمان، ژمارەی -١، لاپەرەی ٢٣ساڵی یەکەم، پوشپەری ١٣٢٢، ئامادەکردنی عەلی کەریمی، بنکەی ژین سلێمانی ٢٠٠٨

٢- تاریخ کردستان، مولفان لازایف، محوی و دیگران. وضعیت کوردستان ایران در سالهای دهه ١٩٣٠ میلادی. ص ١٩٥ تا ١٩٧ ترجمه منصور صدقی و کامران امین آوه، چاپ اول ٢٠٠٧ ، آلمان

٣- ئاڵەکۆک، بەسەرهاتەکانی سیاسی ژیانم، لاپەرەی ١٤، غەنی بلوریان، ستۆکهۆڵم ١٩٧٧

٤- مبارزه خلق کرد علیه استعمار انگلیس در خاطرات " احمد تقی" یا صفحه‌ای از انقلاب شیخ محمود حفیدزاده برزنجی(ملک نەمر-جاوید) و اسماعیل آقا سمکو و جنبش "رواندوز" و ارتباط آن با کشورها، ص . ٦٢ ، تهیه و تنظیم: جلال تقی، ترجمه احمد محمدی، سنندج ١٣٧٩[ ئەحمەد تقی یەکێک لە کوردە تێکۆشەرەکانی پاش شەڕی یەکەمی جیهانیی بوو کە بە پێی پێوەندییەکی زۆر نزیکی لەگەڵ شێخ مەحمودی نەمر و سمایل ئاغا سمکۆ بە باشی ئاگاداری ڕووداوەکانی ئەو کاتە بووە. ئەحمد تقی بە ویستی مامۆستا ڕفیق حلمی بەگ بیرەوەرییەکانی خۆی لە دوو بەرگ نووسیوە کە تەنیا بەرگێکی چاپ و بلاو بۆتەوە. ئەحمەد تقی لە ١٣،١،١٩٦٠ کۆچی دوایی کرد.]

٥- جنبش ملی کرد، کریس کوچرا، ترجمه ابراهیم یونسی، ص. ٦٨ چاپ دوم ١٣٧٧ موسسه انتشارات نگاه، تهران

٦- جامعه ایران در دوران رضا شاه، جهان بینیها و جنبشهای اجتماعی در ایران(کتاب دوم – جزء دوم) احسان طبری ص. ٤٥-٤٤

http://www.adabestanekave.com/book/jameh-iran-dar-doran-rezashah.pdf

٧- سەرچاوەی سەرێ، لاپەرەی ٥١

٨- سەرچاوەی سەرێ، لاپەرەی ٣٨

٩- سەرچاوەی سەرێ، لاپەرەی ٥١

١٠- یادی از جنبش بهمن " نظری به پیدایش جنبش دمکراتیک در کردستان ایران" علی گلاویژ. نشریه دنیا، دیماه ١٣٥٦، شماره ١٠، سال چهارم، دوره سوم ،

http://bokan.de/laperekan/farsi/syaset/nusrawekan.pdf

١١- ژمارەی ٦ی نیشتمان، ڕەشەمەی ١٣٢٢ ، نیشتمان، بلاوکەرەوەی بیری کۆمەڵەی ژ. ک، ئامادەکردنی عەلی کەریمی، بنکەی ژین سلێمانی ٢٠٠٨

١٢- دیاردەی کومەلەی ژ. ک بو لاوەکانی کورد، ١٣٢٢-١٩٤٣ لاپەرەکانی ١٤ و ١٥، پاشکۆی نیشتمان، بلاوکەرەوەی بیری کۆمەڵەی ژ. ک لاپەرەی ٢٠٩ و ٢١٠، ئامادەکردنی عەلی کەریمی، بنکەی ژین سلێمانی ٢٠٠٨

١٣- روژنامەی کوردستان، ژمارە -١، لاپەرەی ٢، پێنج شەممو ٢٠-١٠-١٣٢٤

١٤- رۆژنامەی کوردستان، ژمارەی ٤٤، دووشەممو ١٦ بانەمەر ١٣٢٥ لاپەرەی ١

١٥- تاریخ کردستان، مولفان لازایف، محوی و دیگران ص. ١٨١-١٨٢، ترجمه منصور صدقی و کامران امین آوه، چاپ اول ٢٠٠٧ ، آلمان

١٦- جنبش ملی کرد، کریس کوچرا، ترجمه ابراهیم یونسی، ص. ١٠٤ چاپ دوم ١٣٧٧ موسسه انتشارات نگاه، تهران

١٧- سەرچاوەی سەرێ لاپەرەی ١٨٦

١٨- اتحاد جماهیر شوروی سوسیالیستی و کوردستان(سالهای ١٩٤٥-١٩١٧)، پروفسور لازاریف. مترجم کامران امین آوه

http://www.akhbar-rooz.com/article.jsp?essayId=44834

١٩- تاریخ معاصر کرد، دیوید مک داول، ترجمه ابراهیم یونسی، چاپ اول ١٣٨٠، ص. ٣٥٦-٣٥٥

٢٠- تاریخ کردستان، مولفان: لازاریف، محوی، حسرتیان، ژیگالینا. واسیلیهوا. مترجمان: منصور صدقی، کامران امین آوه، ص ١٩٩-١٩٧انتشارات فروغ، آلمان، چاپ اول فروردین ١٣٨٦

٢١- سەرچاوکەی سەرێ ص ٢٢٥

٢٢- ڕووداوەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان لەچەند بەڵگەنامەیەکی شورەویدا(١٩٤٥ ـ ١٩٤٧)، لاپەرەی ١٤، د. ئەفراسیاو هەورامی

http://www.pertwk.com/ktebxane/node/1162

٢٣- تاريخ كردستان، مولفان: لازاريف، محوى، حسرتيان، ژيگالينا. واسيليهوا. مترجمان: منصور صدقى، كامران امين آوه، ص٢٢٧، انتشارات فروغ، آلمان، چاپ اول فروردين ١٣٨٦

٢٤- سەرچاوەی سەرێ لاپەرەی ٢٢٧- ٢٢٨

٢٥- اتحاد جماهير شوروى سوسياليستى و كوردستان(سالهاى ١٩٤٥-١٩١٧)، پروفسور لازاريف. مترجم كامران امين آوه

http://www.akhbar-rooz.com/article.jsp?essayId=44834

٢٦- ئەنترناسيۆنالی سۆسياليستی و كێشەی كورد و چەند بەڵگەنامە لە ئارشيڤەكانی سۆڤيەت (٢)، ف. يورتايف (وەرگێرانی: د.ئەفراسياو هەورامی- موسكۆ) گۆڤاری هاوار، بڵاوكراوەيەكی رۆشنبيريی گشتيی، ساڵی چوارەم – ژمارە ١٦، خاكەلێوەی ٢٠٠٤ لاپەرەكانی ٣٣-٣٩

٢٧- كوردستان معاصر، بخش چهارم: وضعيت كوردستان ايران در حكومت اسلامى، ژيگالينا، ص ٦٣ ترجمه كامران امين آوه، چاپ اول ١٩٩٩

http://bokan.de/laperekan/nuseran/Kamran/kurdestan.pdf

٢٨- حيزبی كمۆنيستی ئێران لە كۆنگرەی يەكی خۆی لە ١ی گەلاوێژی ١٢٩٩(٢٣ ژوئنی ١٩٢٠) لە بەندەر ئەنزەلی باسی" ماڤی خودموختاريی تەواوی نەتەوەكان لە چوارچێوەی يەكێتی ئێران" دەكا. بروانه حزب كمونيست ايران/ شوروى/ گيلان، پروفسور سپەر ذبيح.

http://xalvat.org/Nashr-eDigaran/551-600/557.Sepehr.pdf

بەڵام لە كۆنگرەی ٢ لە كۆتايی ساڵی ١٩٢٧دا بەم چەشنە ئاماژە بە مەسەلەی ميللی لە ئێران دەكا:" ئێران وڵاتێكی فرەنەتەوەييە و پێويستە زەحمەتكێشانی ئەم مەملەكەتە سەرنجێكی تايبەتيی بەم مەسەلەيە بدەن.... حيزب لايەنگری ئازادی كەمايەتييەكانی ميللی تا ئاستيی جيابوونەوەيە. صفحاتى چند از جنبش كارگرى و كمونيستى ايران در دوران اول سلطنت رضا شاه( ١٩٢٢-١٩٣٣) اردشير آوانسيان، سال ١٣٥٨، لاپەرەی ٣٩

http://iran-archive.com/sites/default/files/sanad/hezbe_toode-avanesian_kargari.pdf

٢٩- بيانيه فرقه كمونيست ايران (١٣٠١) ص ٦٩-٦٦

http://iran-archive.com/sites/default/files/sanad/gunagun-ketab-2%20sanad_fergheye_komonist.pdf

٣٠- ایران معاصر، آ. سلطانزده، مسکو ۱۹۲۲، ص ۹۷

http://www.iran-archive.com/sites/default/files/sanad/gunagun-ketab-soltanzadeh.pdf

٣١- حیدرخان عمواوغلی، اسماعیل رائێن، چاپ سوم ۲۵۳۵ ص: ۳۷۱-۳۸٦

٣٢- کورد و کوردستان، لاهووتی، وەرگێرانی لە ڕووسییەوە دوکتور جەبار قادر: ۱۹۹۸، سەرچاوە:لاهووتی کرماشانی شاعیری شۆرشگێری کورد، پاشکۆی دووهەم. لاپەرەی ۱۹۷ / نووسینی ئەنوەر سوڵتانی – سلێمانی، بنکەی ژین ۲۰۰٦

٣٣- پێشەکی دوکتور جەبار قادر بۆ کورد و کوردستان - لاهووتی، سەرچاوەی سەرێ لاپەرەکانی ۱۹۳-۱۹۲

٣٤- تاریخ هیجده ساله آذربایجان، بازمانده تاریخ مشروطه ایران، بخش چهارم ص ۸۳۰چاپ دهم ۱۳۷۱، انتشارات امیر کبیر.

٣٥- تاریخ مختصر احزاب سیاسی ایران – انقراض قاجار، بەرگی یەکەم، ملک الشعرای بهار، ص ۲٦٥-۲٦٦ انتشارات امیر کبیر، تهران ۱۳۵۷

٣٦- اسناد و دیدگاهها، حزب توده ایران از آغاز پیدایی تا انقلاب بهمن ۱۳۵۷ ، چاپ اول ۱۳٦۰. ص: ٦٦ و ١٤٣

٣٧- سەرچاوەی سەرەوە لاپەرەی ٤٠٣ و ٤١٩

٣٨- کۆی نووسراوەکانی لەنین، بەرگی ۲۳، لاپەرەی ۱۹۸، وەرگیراو لە " در باره ملت و مسله ملی، احسان طبری، مردم، ارگام مرکزی حزب توده ایران، دوره هفتم، سال اول، شماره ٥۳، پنجشنبه ۲٥ مرداد ماه ۱۳٥۸

٣٩- سەرچاوەی سەرێ

٤٠- یک نقطه تحول بزرگ در تاریخ خلق کرد، ع. گلاویژ، دنیا شماره ۹ – آذرماه ١٣٥٤

٤١- یادی از جنبش دوم بهمن " نظری به پیدایش جنبش دموکراتیک در کردستان ایران" ع. گلاویژ، نشریه سیاسی تئوریک "دنیا"، دی ماه ١٣٥٦، شماره ١٠ ، سال چهارم دوره سوم

http://bokan.de/laperekan/farsi/syaset/nusrawekan.pdf

هەروەها بروانە بابەتێکی رزا شەلتوکی لە: نشریە سیاسی تئوریک "دنیا"، دی ماە ١٣٥٨، شمارە ٦. باز نشر:

http://www.rahetudeh.com/rahetude/2011/04sep/3/shaltuki3.html

٤٢- کورتە مێژووی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، چڵ ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی د. عبدالرحمن قاسملو، لاپەرەی ١٥-١٦

http://www.kurdistanukurd.org/ku/kteb/korta%20mejuyi%20hizb.pdf

٤٣- تاڤگەت هەقیقەت ١، کۆکردنەوەی کاوە بەهرامی، باسێک لە سەر دروشمی بنەرەتیی حیزب،١٣٦٤، لاپەرەکانی ٢٨٧-٢٨٥

http://www.peshmergekan.eu/kteb/kawe/tavgeyheqiqet%20bargy_1.pdf

٤٤- Fo371/401173/13978 نوسخەی یادداشتێکی خانم ئەن.ک. س. لەمبتۆن. ئاتاشە(راسپێراوی) چاپەمەنی باڵوێزخانەی بریتانیا لە تاران ١٣ی سیپتەمبەری ١٩٤٤، پێوەندیی کورد لەگەڵ رووس. سەرچاوە: رۆژهەڵاتی کوردستان لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیادا(وەرگێراوی کوردی ١٣٠ بەڵگەنامە) لاپەرەی ٦٧، ئەنوەر سوڵتانی بنکەی ژین ٢٠٠٥

٥٤- سەرچاوەی سەرێ، لاپەرەی ٧١

٤٦- پیشرو، ارگان تئوریک سیاسی، قطعنامەهای مصوب کنفرانس اخیر کۆمەلە، جنبش مقاومت خلق کرد و مسلە ملی در کردستان ص.٧ و٨. شمارە ٢ (ضمیمە ٢) ١٤مهر ٦٠

٤٧- اطلاعیە پایانی سومین پلنوم کمیتە مرکزی کومەلە، قطعنامە نشست وسیع کمیتە مرکزی کومەلە در بارە جنگ جاری میان حزب دمکرات و کومەلە، ص. ٥، تیر ماە ١٣٦٤

http://iranarchive.com/sites/default/files/sanad/komala_sanade_sevomin_pelenom.pdf

٤٨- بررسی انتقادی تجربە حزب کمونیست ایران، گۆڤاری " افق سوسیالیسم" شمارە ٤. [ وەگیراو لە لە کتێبی چەپ لە رۆژهەڵاتی کوردستان، کۆمەڵێ و دۆزی ناسیونالی کورد، نووسینی ئەیوب ئەیوبزادە، بەرگی یەکەم ٢٠٠٢، لاپەرەی ٢٩].

٤٩- پێشرەوی ژمارە ٢ ئورگانی تیئوریک – سیاسیی کۆمەڵە،، ١٣٦٠ی هەتاویی، وتاری لە کۆنگرەی یەکەمەوە بۆ کونگرەی دووهەم، [ وەگیراو لە لە کتێبی چەپ لە رۆژهەڵاتی

کوردستان، کۆمەڵي و دۆزی ناسیونالی کورد، نووسینی ئەیوب ئەیوبزادە، بەرگی یەکەم ۲۰۰۲، لاپەرەی ۲۹-۳۰].

۵۰- پاشکۆی پێشرەوی کوردی، ژمارە ۲، ٥ی خەرمانانی ۱۳٦۰، وتاری کۆمەڵە و مەسەلەی نەتەواویەتی لە کوردستان، [ وەگیراو لە لە کتێبی چەپ لە ڕۆژهەلاتی کوردستان، کۆمەڵي و دۆزی ناسیونالی کورد، نووسینی ئەیوب ئەیوبزادە، بەرگی یەکەم ۲۰۰۲، لاپەرەی ۳۰۰].

۵۱- بەشێک لە شیعری "کوردمو ... "،م. ش. هێمن، نیشتمان، بلاوکەرەوەی بیری کۆمەڵەی ژ. ک ژمارەی ۲،لاپەرەی ۱۹، ساڵی یەکەم، خەزەلوەری ۱۳۲۲، ئامادەکردنی عەلی کەریمی، بنکەی ژین سلێمانی ۲۰۰۸

۵۲- تاریخ کردستان، مولفان لازایف، محوی و دیگران. نتیجەگیریی ص ۳۰۸ ترجمە منصور صدقی و کامران امین آوە، چاپ اول ۲۰۰۷ ، آلمان

سەرچاوەی ئەم بابەتە:

http://www.emrro.com/biricepudozis.htm